# شەوێك لە بەندیخانەی مەحەتە

## کۆمەڵێك دیمەنی سەیر, چەند چیرۆکێکی جیاواز



وێنەی چەند زیندانیەك لە بەندیخانەی مەحەتە

بـــڵـند مستەفـــا

بەندیخانە جگە لەچوار دیواری بەرز و تەڵبەنـەدەکانی کۆمەڵێك دیمەنی سەیر و چـەندین چـیرۆکی جیاجیـای لەناوخۆیدا حەشارداوە. لەمیانـەی بەنـدکردنم شـەوێك لەبەندیخانەی مەحەتەی هەولێر چەندین دیمەنی سـەیرم بینی و گوێبیستی دەیـان چـیرۆکی جـۆر و جـۆر بـووم کەلێرەدا بەکورتی دیانخەمەڕوو.

### شارێك لەهۆڵێك

### ماڵەکانی لەمقەبا

هۆڵە گـەورەکانی سجن هـەر شـێوەی شارو گـەڕەك دەدەن بەنـدکراوەکان بەشـێوەیەکی ئەنـدازەیی لـەنێوان خۆیانـدا دابەشـیان کردووە, هەر شوێنێك ماڵی یەکێکیانە ماڵەکانیشیان لەنێوان کارتۆن و مقەباکاندا هـەلگرتووە, هـەموو پێداویستییەکی نـاو ماڵیـان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە, ئەوەی زۆر جێگای سەرنجە لەماڵەکانیاندا لـەنێو کـارتۆن و مقەباکانـدا جۆرەها شـامپۆ و بـۆن و جـەڵی قژ بەدی دەکرێت لەناو سجندا وەها هەڵس و کەوت دەکەن وەك ئەوەی ئازادن و لەبەندیخانە دابین, ئێمـە تـەنها خۆمـان جلی بـەرمان بووین بۆ ئەو شەوە خانە خوێمان بەندکراوە قەلەندەرە بێجێگاکان بوو بەڕادەیەك من بەتـەنها بەتانیـەك لـەنیوەیم لـەژێر خـۆم راخستبوو نیوەشم بەخۆمدادابوو ئەو شەوەم بەسەر برد, ئەگەرچی ئێمە حاڵەتمان لەبەندییـەکانی تـر جیـاواز بـوو, بـەڵام ئـەوان ژیـانێکی سـەریرییان هـەبوو هـەموو بەیانییـەك سـەر شوشـتنی بەشـامپۆ و بۆنخۆشـکردن و خـۆ رازانـدنـەوەیان وایـان پیشـان ددا کەتـەواو ئـازادن, روانینـی ساکاریان بـۆ ژیـان و هەسـتکردنیان بەخۆشگوزەرانیەکی زۆر لـە نێـو ئـەو دیـوارە بـەرز و تـەڵبەندانـەی زینداندا ئەوەی لەبیربردبوونەوە کە ئەوان زیندانین و بێ بەشن لەئازادی.

### گروپەکانی بەندیخانە

هەرچـەند کەسـێك و لەگروپێکـدا خۆیـان رێکخسـتبوو کەیـەکێکیان سـەرۆکایەتی گروپەکـەی دەکـرد (مـن ئـەوەم لەفیلمـە میسرییەکان زۆر بینیبوو) کەچووینە ژوورەوە لەلایەن گروپێك بەخێرهاتن کراین خەڵکی ناو سجنەکە بخێرهاتنی ئێمـە یادەکرد و پیرۆزباییان لە کوڕێك دەکرد کەناوی (دارا) بوو, کە من گـووتم ئـەوە بۆچـی پیرۆزبـایی لێدەکـەن؟ گووتیـان بەبۆنـەی ئـەوەی کـە دووکەسی تازەی بۆ هاتۆتە گروپەکەی, یـەعنی ئێـوە ئێستا پیاوی ئـەون. دێـڕی دووەمـی وەڵامەکە زۆر تـوڕەی کـردم بەڵچـونێکی زۆرەوە گووتم (مـن پیـاوی کـەس نـیم, ئەگـەر پیـاوی کـەس بوومایـە نـەدەهاتم بـۆ ئێـرە). سـەرۆکی گروپـەکان ئـەو کەسـانە بـوون لەزۆرترین کات لەو هۆڵە بوو دادگا چارەنووسی ئاشکرا نەکردبوو. سەرۆکی گروپەکەی ئێمـە کـوڕێکی رەشئەسمەری بەقیافـەیبوو وەکو کوڕەکانی سەدام هەڵسەکەوتی دەکرد حەزی دەکر ئەندامانی گروپەکەی خزمەتکاری بن هـەرواش بـوو, چـەند گـەنجێکی بـەو بچوکتر و بەتەمەنتر بەردەستیان دەکرد هێشتا بیست و هەشت سەعاتی زیندان تەواو نەببوو کـە مـن ئیستیقالەم لەگروپەکـەدا و سەربەخۆییم راگەیاند.

## دەبێت هەموویان
## دەنگ بە پارتی بدەن

ئەوان لەژیانی زیندانی دا شیکاری سیاسییان دەکرد, بەڵام زۆر بەسادەیی بە رەهایی قسەیان لەسەر حیزبەکان و حکومەت و تەنانەت ئەمریکاش دەکرد, یەکێکیان سوێندی دام بەرامبەر درکاندنی نهێنییەك و گووتی "بانگیان کردوویین و ئاگاداریان کردووینەتەوە کەدەبێت بۆ کاتی هەڵبژاردن هەموویان دەنگ بە پارتی بدەن".

## مەڵێ بیکەنە ( PUK ) دوایی دەتبەن ئینفرادی

تەلەفزیۆنێکی شاشە (18) کەتەنها کەناڵە ناوخۆییەکانی وەردەگرت بۆ نزیکەی سەد کەسی ناو تاکە هۆڵێکی سجنەکە بوو, ماوەیەکی زۆر پاپا بوو کەبەندییەکان زۆر بەپەرۆش و دڵخۆشییەوە سەیریان دەکرد, بەر لەویش کاتێکی زۆر قورئان خوێندن بوو, ئەم تەلەفزیۆنە تا من خەوم لێکەوت هەر یەکگرتوو بوو, منیش چونکە نەمدەویست ئەو بەندکراوە قەلەندەرانە زۆر چەواشە بکرێن حەزم دەکرد بیگۆڕن بەیەکێکی تر, بەیەکێکی نزیك خۆمم گووت: "ئەوە بۆ نایگۆڕن بیکەن بەکەناڵێکی تر, ئەوە کوردستانە, ئەوە PUK, ئەوە هەرێمە", ئەو گووتی: "مەڵێ بیکەنە PUK دوایی دەتبەنە ئینفرادی.. ئینفرادی چییە بۆ دەمبەن؟ ژوورێکە تەنها مەترێکە فراوانییەکەی بۆ ئەو کەسانە سەرپێچی بکەن یان کارێکی خراپ ئەنجام بدەن". لەرۆژنامەکانیش تەنها رۆژنامەی خەبات و هەفتەنامەی گوڵان دێنەژوورەوە ئەوانی تر قەدەغەن.

## گۆشتی بەرازەکە

هەرچەندە برسیم نەبوو, بەڵام زۆرم حەز دەکرد خواردنی بەندیخانەم بینی بزانم چییە و چۆنە دوای ئەوەی بینیم و خواردم و پرسیارم لەبارە دەکرد, خواردی بەندیخانە بەم شێوەیە:

-بەیانیان رۆژێك چاو ماست, رۆژێك هێلکە, چایەکەی کەسیان نایخۆن بۆ خۆیان چایە لێدەنێن, ماستەکەی ترشە و نۆکەکەشی رەق. کە وەکو بەندکراوێك دەیگووت تەنها هێلکەکەی دەخورێت واتە ئێمە لەسێ رۆژدا تەنها دوو رۆژنانی بەیانی دەخورێت.

-نیوەرۆیان هەموو رۆژێك (برنج و ترش)ە کەوەکو بەندکراوەکان وەسفیان دەکرد, برنجەکە برنجی بایەحەکەیە کە یان نکوڵاوە یان بێخوێیە, ترشەکەش یان پەتاتەیە یان باینتجان کە ئەوانیش ناخورێن.

-خواردنی ئێواران خواردنەکە تەنها مەرەگەیە و بەس لەگەڵ چەند سەمونێکی سوتاو و نەبرژاویش (کە ئەو جۆرە سەموونە چەند ساڵە لەگەرەکە هەژارنشینەکانیش نەماوە). ئێوارەی رۆژانی هەینی گۆشتی مریشکیان بۆ دێت کەوەکو دەیانگووت مریشکەکە تام باردە و ناخورێت, ئەو ئێوارەیەی کە من لەمەحەتە برد سێشەممە بوو دەیانگووت سێشەممان گۆشتی لەگەڵە کە خواردنەکە هات هەموویان دەیانگووت گۆشتی بەرازەکەیە و کەپرسیم بۆ گۆشتی بەرازە دەیانگووت ئەم جۆرە گۆشتە لەهی هیچ ئاژەڵێك ناچێت لەبەراز بەو لاوە.

## شێتەکان لەبەندیخانە

هۆڵەکەی ئێمەش سێ شێتی لێبوو هۆڵەکانی تریش زیارت, لەکاتێکدا کەشێتەکان شوێنی تایبەتی خۆیانیان هەیە ئەو شوێنەی کەپێی دەگوترێت (شێتخانە). شێتێکیان کوڕە گەنجێکی رێك و قۆز بوو جارجار دەهاتە ناو خەڵکەکە بۆ ئەوە پێی رابوێرن. کاتەکانی تریش بەردەوام لەناو ئاودەستەکان دادەنیشێت, یان لەهۆڵی بەردەم ئاودەستەکان رادەکێشا. بەیانی زوو کە لەخەوهەستام بینیم شێتەکان هەرسێك لەهۆڵی ئاودەستەکە نووستوون سەرسام بووم و لەداخی ئەوان نانم بۆ نەخورا. شتێکی تریان کابرایەکی بەتەمەنی کەڵەگەت بوو, پیس و پۆخڵ بوو چوومە لای هەندێ قسەم لەگەڵی کردووە گووتی: "ژنم هێنا (7) مانگ لەلای مایەوە دواتر رۆیشت و بەجێی هێشتم براکانم و ماڵی خەزوورم زۆر رقیان لێم بوو بەگرتنیان دام و هاتم بۆ ئێرە, ئێستا حەزم لێیە هەر لێرە بم نەچمە دەرەوە لەترسی برایەکانم".

## لەسەر چی گیراویت؟

ئەم پرسیارەم لەزۆر بەیان دەکرد هەریەکەیان بەشێوەیەك وەڵامی دەدامەوە و هەریەکەو بەسەهاتێکی هەبوو لێرەدا بەکورتی هەندێکیان دەخەمەڕوو.

*** بێبەڵگە گیراوم و ئازادم ناکەن**

گەنجێکی بەناوی خالد عەبدوڵڵا بەم جۆرە کێشەی خۆ باسو دەکات, کابرایەك بەگرتنی داوم بەبیانووی ئەوەی من لەپێشانگایەکی ئەو دزیم کردووە, منداڵێکیان کردۆتە شایەت بەسەرمندا هەرچەندە من پێنج شایەدم هەیە کەرۆژی دزیەکە من لەگەڵ ئەوان بووم و تائێستاش هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی من دزیم کرد بێت کەچی ئازاد ناکرێت, لەڕاستیدا کێشەکە بۆ ناکۆکییەکی تایبەتی نێوان من و ئەو دەگەڕێتەوە.

*** لەسەر کێشەی هونەر گیراوم:**

(ئازاد خدر) یەکێکیتر بوو لەبەندکراوەکان و وەك خۆی دەڵێت لەسەر کێشەی هونەری گیراوە و دەڵێت: "ئێمە لەماڵەوە خێزانێکی هونەرین خێزانەکەم کە (بەیان غەریب) و کچەکەم (چۆپی خان) کە هونەرمەندن و کۆمەڵێك کاری هونەریمان کردووە, ئێمە چەند ساڵێك بەر لەئێستا ئاهەنگێکمان لەماڵی خۆمان سازدا بوو, ئاهەنگەکەمان تەسویر کرد بوو, خێزانەکەم بردییە لای سەنتەری ئەربائیلۆ تا بۆمان بخەنە سەر سیدی لەکۆتاییەکەی سەنتەرەکە دیمەنێکی فیلمی سێکسیان خستبووە سەر و بەبێ ئاگاداری ئێمە بلاّوکردەوە من هاتمە دادگا شکایەت بکەم, کەچی لەناو دادگا خۆم گیرام". لەبەرامبەر ئەو قسانەدا خاوەنی سەنتەری ئەبائیلۆ کە ئەویش گیرابوو دەیگووت: "ئەوان خۆیان داوایان کردووە دیمەنە سێکسیەکەش دابنرێت". کاتێك لەئازادام پرسی ئەکتەرەکانی فیلمە سێکسیەکە بیانین یاخود هی خۆتانن ئەوە وەلاّمی نەدامەوە. ماوەیەك دواتر کۆپیەکی سیدیەکەم دەست کەوت (19) دەقیقە ئاهەنگەکە و (5) دەقیقەش فیلمە سێکسیەکەیە.

*** ژنی خۆمم کوشتوە بۆیە گیراوم**

ئەفەندییەکی عینەك لەچاو لەدووری خەڵك بەهێمنی دانیشتبوو لێی نزیك کەوتمەوە و لێم پرسی: بۆ گیراوی؟ تەنها گووتی: "ژنی خۆمم کوشتووە بۆیە گیراووم". بەلاّم پێی نەگووتم بۆچی کووشتوویەتی, لەسەر چی؟ چۆن دڵی هاتووە چنی خۆی بکوژێت. دواتر خەڵکەکەی تر پێیان گووتم: "ئەو پیاوە رۆژێك دەچێتەوە ماڵ دەبینێت ژنەکەی لەگەڵ برای خۆی (مەبەست برای ژنەکەیە) کاری سێکسی دەکەن و پێکەوە جووت بوونە, ئەویش هەردووکیان دەکوژێت". ئەم پیاوە کوڕێکی گیرابوو بەتۆمەتی ئەوەی دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کچێکی منداڵ, بەلاّم کابرا دەیگووت بەتۆمەتە درۆیە و بۆیان دروست کردووە.

*** هیچم نەکردووە تەنها یەکێکم بریندار کردووە**

کوڕە گەنجێك چاوێکی نەبوو, دەستێکیش برابووە وە وەك خۆی دەیگووت  لەبرا کوژی وەهای لێهاتووە, موسەجەلێکی بەشانیدا دابوو بەردەوام دەهات و دەچوو هەموو خەڵکەکە بە (کۆرە کۆرە) بانگیان دەکرد, نەمدەزانی گەنجێك بەتاکە چاوێك و تەنها یەك دەست چۆن توانیوویەتی تاوانێك ئەنجام بدات, و بگیرێت کە لەوم پرسی لەسەرچی گیراویت گووتی: "من هیچم نەکردووە تەنها گوللەیەکم لەیەکێك داوە و بریندارم کردووە, ئەویش برادەرێکی خۆم بوو, ئەو کاتیش هەردوکمان سەرخۆش بووین بۆیە لێمدا, من زۆربەی تەمەنی خۆمم لەناو بەندیخانە بەسەر بردووە ماوەی شەشە ساڵ دەبێت, تەنها چەند مانگێك لەدەرەوە بوومە, ئەگەر بێتوو برادەرەکەم لێم خۆش نەبێت و حوکم بدرێم کەهاتمە دەرەوە دەیکوژم".

*** لەسەر سەر خۆشی گیراوم**

چەند کەسێك لەبەندیخانە بوون, بەسەر خۆشی گیرابوون, واتە بەتاوانی خواردنەوە گیرابوون, یەکێك لەوانە دەیگووت: "شەوێك لەبەردەم یانەی خواردنەوەی (سنابل) گیرام و هێنامیانە ئێرە, من کرێکاری بیناسازیم هەفتەی دوو رۆژ کارم هەبێت هەندێك پارەم بەدەست بکەوێت کەمێك مەشچروب بخۆمەوە دەمگرن و هەفتەیەك سجنتم دەکەن". زۆر کەس هەبوون لەسەر مەشروب خواردنەوە گیرابوون یەکێکیان دەیگووت: "پۆلیسەکان بەردەوام دێنە بەردەم نادی و باڕکان بەڵکو هەریەکێك هاتە دەرەوە و سەرخۆش بوو بیگرن و باجێکی باشی لێوەر بگرن".

## کۆتـایی

مـن هـیچ ئیزافەیـەك ناخەمـە سـەر ئـەو دیمـەن و چیرۆکانە, ئەوەنـەبێت ئەوەنـدە دەڵـێم, لەکوردسـتانی ئـازادی ئێمـە ئـازادی قەدەغەیە و ئازادیخواز تاوانبارە و دەگیرێت بۆیە دڵنیام لەوەی چەند جارێکی تـر منـی رۆژنامەنووسـی تاوانبـار بەنـد دەکرێمـەوە بەو هیوایە تا جارێکی تر دیمەنەکان گۆڕابن.

**تێبینی:**

* **مێژووی ئەم نووسینە مانگی** 10**ی ساڵی** 2004

* **ئەوکات نووسەری ئەم بابەتە بەرێوەبەری هەفتەنامەی دیدی نویٚ بوو لە هەولێر و لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لەسەر یەکگرتوو بەندکرا.**